# خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی عێراق لە سەردەمی عوسمانیەوە تا سەرەتاکانی کۆماری سێیەم

## تۆژینەوەیەکی بەراوردکاری مێژوییە لە نێوان قۆناغە جیاجیاکان

**بەهرۆز عەلی ڕەسوڵ [١]**

[١]بەشی تەکنیکی میدیا ، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

---

**ڕێکەوتی وەرگرتن: ٨ ئەیلول ٢٠١٩، پەسەندکردن: ١٥ ئەیلول ٢٠١٩، بڵاوکردنەوە: ٢٥ کانونی یەکەم ٢٠١٩**

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ بەهرۆز عەلی ڕەسوڵ

## پوختەی تۆژینەوە

مێژوی ڕۆژنامەگەری عێراق دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی حوکمرامی عوسمانی و بەچەندیت قۆناغی تر دا تێپەریوە، کە لە هەرقۆناغەدا خەسڵەت و سیمای تایبەتی خۆی هەبووە و بە گوێرەی سیستمی سیاسی و حوکمرانی ئەو قۆناغانە ، ئەرکی سەرەکی رایکردوە .

ئەم تۆژینەوەیە دەریخستوە، رۆژنامەگەری عێراق لە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە گە شەی کردوە، واتە لە سەردەمی قۆناغی پا شایەتی ، کە تیایدا رۆژنامەی رە سمی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و پارتە سیا سییەکان سەریان هەڵدا، و ئەو قۆناغە بە قۆناغی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری عێراق دەنرێت لە چاو قۆناغەکانی پێشتر .

هەروەها دوای شۆرشی تەموز ی ساڵی 1958 ، رۆژنامەگەری عێراق بووبە زمانحاڵی شۆڕش و ڕۆلی کەم بۆە لە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و گرنگیدانی بە ئازادیەکان ، ئەرکی رۆژنامەکان بەرتەسک بوونەوە بۆ داکۆکی کردن لە ڕژێمی فەرمانڕەوا دژی نەیارەکانی و بڵاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات .

هەروەها لە قۆناغی دوای روخانی رژێمی بەعس لە 2003 ، سیستمێکی نوێ لە رۆژنامەگەری سەریهەڵدا و پانتاییەکی بەرفراوان بۆ دامەزراندنی رۆژنامە لە روی موڵکداری دروست بوو، کە بوە هۆی دەرچونی رۆژنامەی تایبەت و حزبی و نەتەوەیی و گروپ و کەسی . بەڵام بەهۆی خراپ بە کارهێنانی ئەم ئازادیە، ڕۆژ نامەگەری عێراق لەم سەردەمەدا هاوشانی دۆخی سیاسی ، توسی جۆرێک لە ئالأۆزی و نارێکی بووە و ئەرکی راستەقینەی خۆی بەرچەستە نەکرد و بو بە بەشێک لە ململانی سیاسیەکان و ئامرازێک بۆ گواستنەوەی توندوتیژی تایفی و مەزهەبی و حزبی لە ئاستی باڵاوە بۆ جەماوەر.

هەروە ها بەسبەت رۆژ نامەی کوردی لە ناو رۆژ نامەگەری عێراق، تۆژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە بۆیەکەم جار رۆژمامەی کوردی لە کوردستانی باشور لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا دەرچووە، بەڵام لەسەردەمی پاشایەتی گەشەی کردووە، چونکە رۆژنامەی رەسمی و رۆژنامەی کەرتی تایبەت بە زمانی کوردی دەرکراوەو رۆلیان هەبووە لە بەرچەستەکردنی ئەرکی گەیاندنی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی ، بەڵام بە هەمان شێوەی رۆژنامەکانی عێراق، رۆژنامە کوردییەکان لە سەردەمی دوای شۆرشی تەموز و کۆماریەکان پاشەکشەی بە خۆوە بینی ، ئەویش بە هۆی بەرتە سککردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری لەلایەن حوکمرانەکانی ئەو سەردەمەوە ، تا گەیشتە ئەوەی لە سەرەتای ساڵی شەستەکانەوە، سەرجەم ڕۆژنامە ئاشکراکان رابگیرێن .

# الملخص

يرجع تاريخ الصــحافة العراقية إلى أواخر الحكم العثماني، وينقســم هذا التاريخ إلى مراحل عدة، فكل مرحلة منها تتميز بخصوصية معينة، وتؤدى وظيفة محددة حسب النظام السياسي المهيمن لتلك المرحلة.

أثبتت هذه الدراســة أن الصــحافة العراقية نشــأت فى زمن تأســيس الدولة العراقية أي فى مرحلة الملكية التي تأسست الصحف الرسمية و الخاصة و الحزبية فيها، وتعد هذه مرحلة متقدمة مقارنة بالمراحل السابقة.

وبعد انقلاب تموز التي اندلعت فى 1958 أ صبحت الصحافة لغة الثورة وتقلص دورها فى تنشئه الوعي والاهتمام بالحريات. ولكن الصـحافة الرسـمية اهتمت باسـلطة، وأدت وظيفتها فى إطار ضـيق وهو حماية النظام ضـد المعارضـة ونشر افكار السلطة .

وفى مرحله مابعد ســقوط نظام الحزب البعث فى 2003 ظهر نظام جديد للصــحافة العراقية المعنية بالناحية الملكية، ففى ضل هژا النظام ظهرت اعداد كثيرة من الصحف الرسمية و الأهلية والخاصة، كما ظهرت الصحف الحزبية والمذهبية و القومية و الشخصية و الجماعية. وفى المرحلة المذكورة وظفت الحرية الممنوحة للصحافة فى الصراعات السـياسـية ونقل العنف الطائفي والمذهبي من الأطراف العليا الى الجماهير، فى حين كان من المفروض أن يتم توظيف الصحافه فيها كأداه للتأثير فى الرأى العام وتقديم خدمات مفيدة .

أما بالنسـبه لظهور الصـحافة الكوردية وحجمها وموقعها داخل تاريخ الصـحافة العراقية، توصـلت الدراسـة إلى أن بداية تأســيس الصــحف الكوردية تعود إلى مرحلة الاحتلال البريطاني للعراق، ونشــأتها تعود إلى مرحلة الملكية التى توجد فيها الصحف العامة والخاصة والأهلية التي لعبت أدوارا بارزة فى نشر مبادئ الحرية وتوعية الشعب.

وكذلك بينت الدراسـة أن دور الصـحف الكوردية مثل سـائر الصـحف العراقية انخفض بشـكل عام فيما بعد انقلاب تموز 1958 من ناحية الحرية و النوعية والكمية إلى حد توقف إصـدار الصـحف فى بداية سـتينات بقرار من حكام تلك المرحلة.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## Abstract

The history of journalism in iraq dates back to the end of the Ottman empires rule.It has progressed in a number of stages. Each stage has its own characteristics and played a specific function that was reflective of the political system of the period.

This present study examines the beginning of the journalism in iraqe and show that it coincides with the creation of Iraq as a monarchy. At the time state,private and partisan newspapers were published. Journalism thrived in the period compared to the preceding period . After the revolution of 1958, in which the monaachical system was overthrown and a republic was declared ,the press became the language of the revolution. Its function was to raise awareness in matters related to the revolution.it terms of ownership, journalism in Iraq was owned by the state and only government newspapers were in circulation.In this stage, the press was used for propaganda purposes and the spread of the ideology of the regime.

In the aftermath of the toppling of Saddam Hussen and the baath Regime in 2003 , journalism grew and ownership was diversified and state , private and partisan publication with various sectarian,nationalistic, personal, and collective orientations began publication. The freedom of press grew and the press could influence public opinion. That said, the press had a negative side because it became a part of the ongoing conflict and the political arena in Iraq.Its role was neagative in that it partly caused the spread of sectarian violence from the political elite to the public.

Concerning Kurdish journalism,its beginning and growth, within the history of journalism in Iraq,this study shows that Kurdish journalism began under British rule of Iraq. Journalism thrived during the monarchy rule with the publication of state. Private and independent newspapers, and they played a significant role in enhancing freedom of press and raising the awareness of the public . Kurdish journalism also experienced a revival during the monarchy rule. However , after the revolution of 1958, it lost ground in terms of freedom,quality and quantity as journalism had in the rest of Iraq.By early 1960s the state of Iraq began to ban Kurdish newspapers from publication.

## پێشەکی

خســـتنەڕوی ڕەهەنـدە مێژوییەکـانی هەر چـالاکییەکی مرۆیی ، بۆتە جێگەی بـایەخپێـدان لە لایەن توێژەران و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە.

ئەم لێکۆلینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ دەرخســـتنی خەســـڵەت و تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەگەری عێراق ، بە پێی قۆناغە مێژویەکانی ، کە هەڵساوە بە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی قۆناغە میژویەکانی رۆژنامەگەری عیراق لە باری چەندێتی و دواتر لە باری چۆنێتی هەڵسـەنگانی بۆ هەریەک لەو قۆناغانەکردوە و لە لایەنی سیستمی رۆژنامەگەری و ئەرکەکانی رۆژنامەگەری و زمانی دەرچوونی رۆژمامەکان و پێگەی رۆژنامەگەری کوردی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەری عێراق ، بەرواردی لە نێوان قۆناغەکاندا کردوە .

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەمی تایبەتە بە رێکاری توێژینەوە کە هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەو گر فت و گرنگی و ئا مانج و پرســـیار و کۆمەڵگای توێژینەوەکەی خســـتۆتەروو و ئا ماژەی بە جۆر و ئامرازە کانی توێژینەوەکەی کردوە، لە بە شی دووەمدا با سی لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گە شەکردنی رۆژنامەگەری عێراق کردوە، هەروەها لە بەشـــی ســـیەمدا کە کرۆکی توێژینەوەکەیە وەلامی پرســـیاری توێژینەوەکەی داوەتەوە و دواتر گرنگترین دەرەنجامەکانی خستۆتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تۆژینەوە

### کێشەی تۆژینەوە:

گرفتی تۆژینەوە بەهەنگاوی بنەڕەتی تۆژینەوەی زانستی دادەنرێت، چونکە لەو رێگایەوە تۆژەر بیرۆکەی تۆژینەوەکەی بەرجەستەدەکات و دەبێتە خاڵی گرنگیپێدان و پاڵنەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی بابەتی تۆژینەوەکەی .

مێژووی رۆشنبیری و کلتوری هەر وڵات و کۆمەڵگایەک گرنگی خۆی هەیە و زۆر جار بوونەتە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە جیاجیاکانی، میژوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی رۆژنامەگەری لە عێراق بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ رۆژنامەنووسان و ناوەندی رۆشبیری لە هەرێمی کوردستان ، ئەنجام نەدانی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستی لەو بوارەدا ، بۆ تە کیشەی سەرەکی لای تۆژەری ئەم تۆژینەوەیە و لەسەر ئەو بنەمایە تۆژینەوەکەی ئەنجام داوە .

### گرنگی تۆژینەوە :

گرنگی ئەم تۆژینەوەیە لەوەدایە کە بەزمانی کوردی و بۆ ناوەندی ئەکادمی کوردی، دەبارەی مێژوی رۆژنامەگەری ئەنجام بدرێت و بە شێوەی چەندیتی و چۆنێتی، بەراوردکاری لە نێوان قۆناغەکانی گە شەکردنی رۆژمانەگەری عێراق بکات .

### ئامانجی تۆژینەوە:

1- خستنەرو و ساغکردنەوەی یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە عێراق.

2- ناساندنی جۆر و خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی عوسمانی و داگیرکەری بەریتانیا و پادشایەتی و کۆمارییەکان .

3- دەرخستی رۆڵ و گاریگەری حوکمڕانی سیاسی، لەسەر سیستمی رۆژنامەگەری و رۆڵ و ئەرکی رۆژنامەنوسی لە دەمە جیاجیاکاندا .

4- خستنەڕووی رۆژنامەی کوردی لە چوارچێوەی رۆژنامەگەری عێراق ، لەگەڵ دەرخستنی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە باشوری کوردستان کە لە چ سەردەمیک دەرچووە و لەچ قۆناغێک گەشەی کردوە و ئەرکەکانی چیبوە.

### پرسیاری تۆژینەوە :

1- یەکەم جار رۆژنامە لە عێراق کەی سەری هەڵداوە و یەکەم رۆژنامە چی بوە و بە چ مەبەستیک دەرکراوە؟

2- رۆژنامەگەری عێراق پیش دامەزراندنی دەولەتی عێراق بەواتە لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا و جەنگی جیهانی یەکەم چ گۆرانکاریەکی بەسەردا هاتوە و بەریتانیاکان بۆچ مەرامێک ڕۆژنامەیان دەرکردوە ؟

3- ئەرکی رۆژنامەو تایبەتمەندیەکانی لەسەردەمی پاشایەتی دا چۆن بووە؟

4- رۆژنامەگەری عێراق لە دوای قۆناغی پاشایەتی بەچ بارێکدا گۆرانکاری بەسەرداهات؟

5- رۆژنامەگەری لە عیراق چۆن بوو بە زمانی فەرمانرەوا و حزبی حاکم؟
6- پێگەو قەبارەی رۆژنامەگەری کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی رۆژنامەگەری عێراق لە چ ئاستێکدا بوە ؟
7- لە دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس لە عێراق ، رۆژنامەگەری چ ئاراستەیەکی گرتەبەر و چ رۆلیکی گێرا ؟

**جۆری تۆژینەوە :**

ئەم تۆژینەوەیە ، بە تۆژینەوەیەکی وەسـفی دادەنرێت ، کە هەوڵدەدات وەسـفی ڕەهەند و خەسـڵەتەکانی قۆناغە جیاجیاکانی مێژوی رۆژنامەگەری عێراق بکات.

**میتۆدی تۆژینەوە:**

ئەم تۆژینەوەیە پشـــتی بە میتۆدی بەراوردکاری بەســـتوە ، کە هەوڵی داوە بەراوردی نێوان قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراق بکات لە روی جۆر و رۆڵ و ئەرک وکاریگەرییەکان .

**کۆمەڵگای تۆژینەوە :**

کۆمەڵگای ئەم تۆژینەوەیە پێکهاتوە لە مێژوووی رۆژنامەگەری عێراق، و سامپلی تۆژینەوەکەش کە لە ناو کۆمەڵگای تۆژینەوەکە هەڵبژێردراوە بریتین لە قۆناغەجیاجی ســـەردەمی رۆژنامەگەری عێراق کە قۆناغەکانی (عوســـمانی، داگیرکەری بەریتانیا، پادشایەتی، کۆماری یەکەم، کۆماری دووەم، کۆماری سییەم )لە خۆدەگرێت

## بەشی دووەم

## کورتەیەک دەربارەی واقعی ڕۆژنامەگەری عێراق لە قۆناغەکانی گەشەکرنیدا

### یەکەم: ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی عوسمانی:

عێراق لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆژنامەی بەخۆوە دیوە، کە ئەوسەردەمە لە سایەی حوکمرانی عوسمانیدا بوە و بە ئەندازەیەکی زۆر دەینالاند بە دەست خراپی گوزەران و هەژاری و نەزانی و نەخوێندەواری ، بەجۆرێک ناجێگری و نەبوونی ئاسایش و ئارامی بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرا و ڕێژەی خوێندەواری زۆر لاواز بوو و سەرچاوەی ئابورییش زۆر دیاریکراو بوو.

زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن یەکەم ڕۆژنامەی عێراق لە ساڵی 1816 لە سەردەمی داود پاشای کەرخی دەرچووە، ئەو ڕۆژنامەیە ناوی (جۆرناڵ عێراق )، بوو کە هەڵساوە بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی خێڵ و هۆزەکانی عێراق ، بەڵام هەندێک لە مێژوونووسانی تر لەسەر ئەو بابەتە هاو ڕانین ، بەڵکو ئەوان پێیان وایە یەکەم ڕۆژنامە کە لە عێراقدا دەرچووە، ناوی ڕۆژنامەی (ئەلزورا) بووە و لە ساڵی 1869 لە سەردەمی والی مەدحەت باشادابوە ، کە هەڵساوە بڵاو کردنەوەی هەواڵ و فەرمانەکانی سوڵتانی عوسمانی. (التكريتي 1969 : 52 )

ڕۆژنامەی زەورا بۆ ماوەی 49 ساڵ بە بەردەوامی دەرچووە و تا هاتنی داگیرکەری بەریتانیا بۆ عێراق لە ساڵی 1917بەردەوام بوە. (الراوي ، 2010: 12)

بە پێی هەندێک سەرچاوە ،ئاماژە بەوە کراو کە ڕۆژنامەی (ئەلزورا) بە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی دەرچووە، بەڵام ئەوەش یەکلایی نەبۆتەوە ، چونکە هەندێکی تر پێیان وایە تەنها بە زمانی تورکی دەرچووە ، ڕوژنامەی زەورا، بە چوار لاپەرە و لەسەر شێوەی قەبارەی (تابلوید) قەبارەی مام ناوەند ، دەرچووە. شان بە شانی ڕۆژنامەی (ئەلزورا) دوو ڕۆژناوی تر لەو دەمەدا دەرچوون ،ئەوانیش ڕۆژنامەی موسڵ (1885) و ڕۆژنامەی بەسرا لە ساڵی (1889) بوو، تا ڕودانی جەنگی جیهانی یەکەم ، ئەم دوو ڕۆژنامەیە بەردەوام بوون. (الدهان، 2006: 15)

گرنگترین و دیارتین سیمای ڕۆژنامەگەری عێراق لەو سەردەمەدا ، بڵاو کراوە و ئاگاداری ڕە سمی و حکومی هەواڵ و ڕوداوەی ئەو دەمەی لەخۆ گرتبوو ، کە بە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی بڵاو دەکرانەوە بەو پێیەی زمانی تورکی زمانی ڕەسمی دەوڵەت و زمانی عەرەبیش زمانی هاوڵاتیان بوو، بەڵام لە زۆر کاتدا تەنها بە زمانی تورکی بڵاودەبۆوە .

دوای جاردانی دەستوری عوسمانی لە ساڵی 1908، جۆرێک لە ئازادی بەخشرایە دەرچواندنی چاپەمەنی، ئەمەش وایکرد ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار لە شاری بەغداد و پارێزگاکانی تری عێراق دەربچێت ، لەو نێوەندەدا ڕۆژنامەی (بەغداد) وەک یەکەم ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت لە ساڵی 1908 دەرچوو کە گوزارشتی لە حزبی ئیتحاد و تەرەقی دەکرد و لە هەفتەیەکدا سێ جار، بە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی دەردەچویندرا، دواتر هەر لەو سەردەمەدا بەغدا و بەسراو موسڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی تری بەخۆوە بینی.(الراوي ،2010 : 15)

## دووەم: ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی 1914 و داگیرکردنی شاری بەسرا، لە 1ی کانونی یەکەمی 1914 لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا، فەرمان دەرکرا بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەی گشتی و تایبەتی ، هەروەها دەسەڵاتی بەریتانیا هەڵسا بە دەرکردنی کۆمەڵێک بڵاو کراوە بە زمانی عەرەبی و تورکی و دواتر ئەم بڵاو کراوانە گەشەیان کرد و بوون بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و ناونرا ((الاوقات البصرية)) کە بە هەرچوار زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی ، دەردەچوو و ئامانج لە دەرچوونی بۆ ڕەواج دان و بانگەشە و ڕیکلام کردن بوو بۆ سیاسەتی هاوپەیمانان. (بطی ،1968 :30 )

هەروەها لەگەڵ داگیرکردنی شاری بەغداد لەلایەن سوپای بەریتانیاوە لە ساڵی 1917 ، ئیستعماری بەریتانیا کاریکرد بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی (العرب) و یەکەم ژمارەی لە 4ی تەموزی ساڵی 1917 دەرچوو، کە ئامانج لە دەرچواندنی بۆ سەپاندنی سیاسەتی بەریتانیا بوو لە ژێر ئاراستەی (هیی خۆتانە و بۆ ئێوەیە) کە هەندێ لە نووسەرە عێراقیەکان کاریان تیادا دەکرد ، ئەویش بە مەبەستی نزیکبوونەوەی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبی و پەخشکردنی گیانی رکابەری خۆی بەرەو ڕووی تورکدا، دواتر ڕۆژنامەیەکی تری بە ناوی (الاوقات البغدادية) دەرکرا بۆ گواستنەوەی سەرکەوتنی شەڕەکانی بەریتانیا بە وێنە و نووسین. هەروەها لە شاری موسڵیش ڕۆژنامەیەکی بە ناوی موسڵ لە 14 ی تشرینی دووەمی 1918 دەرکرد.

هەروەها بەریتانیا لە کانونی یەکەم 1918 لە شاری بەغدا ،ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی دەرکرد بە ناوی تێگەیشتنی ڕاستی ، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەیەکی تری بە زمانی فارسی دەرکرد بە ناوی ئێران.

لە دەرچواندنی هەموو ئەو ڕۆژنامانەدا ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپای بەریتانیا بەشداریان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکاندا دەکرد، کە دیارترینیان بریتیبوون لە جۆن( فلیب و ئەلمەس بیل).

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامانە بۆ هێنانە دی ئەمانە بووە:

- لاواز کردن و نەهێشتنی لایەنگرانی عوسمانی لە عێراقدا .
- باوەڕ کردن بەوەی کە بەریتانیا بریتیە لە هێز و شارستانێتی و مرۆڤایەتی.
- باوەرهێنانی بە عێراقییەکان ،کە بەریتانیا لە پێناو بەرژەوەندی عێراق و عێراقیەکان هاتووە.
- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵ و گروپی دیاری عێراق ، وەک سەرەک خێڵ و پیاوانی ئاینی و بازرگانەکان .

## سێیەم : ڕۆژنامەگەری دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921 زۆرێک لە عێراقییەکان هانی ئەوەیاندا کە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی عیراقی دەربچن و دەرچوونی ڕۆژنامەی زۆرێک لە پارتە سیاسیەکان دەرکەوت.

دەشێت قۆناغی ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ساڵی 2003 بۆ سێ قۆناغی دابەش بکرێت.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

1- **قۆناغی ڕۆژنامەگەری سەردەمی پادشایەتی:**

دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ، بیری سەربەخۆیبوون ،لە هزری زۆر هاوڵاتیاندا جوڵا ،کە هیوایان بە دیهێنانی ئەو پەیمانە هەبوو کە بەریتانیەکان بە گەلانی ناوچەکەیان دابوو.

زۆر کەس هانی ئەوەیاندا کە ڕۆژنامە و گۆڤار دەربچێت تا گوزارشت لە ئاراستە سیاسیەکان و توێژە جیا جیاکان بکات، سەرەرای سەرهەڵدانی ئیداری حکومرانی عێراقی و حکومرانی پادشایەتی تازە پێگەیشتوو، ئیدارەی بەریتانیا چاودێری بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی دەکرد کە ئازادیەکی ڕێژەی هەبوو ، لێرەدا دەشێت ئەو رۆژنامانەی لەو سەردەمەدا دەرکران بۆ ئەم ئاستانە دابەش بکرێت:-

1. ڕۆژنامەی تاکەکان.
2. ڕۆژنامەی پارت و ڕێکخراوەکان.
3. ڕۆژنامەی ئاراستەکراو بۆ کەرتە دیاریکراوەکان. (الراوی ،2010 : 28)

فایەق بەتی، دەربارەی ئەو سەردەمە دەڵێت: ئەو قۆناغە بە سەردەمی ڕۆژنامەی عێراقی جیا دەکرێتەوە ، کە ژمارەی گۆڤارەکان لە ڕۆژنامەکان زیاتر بوون ، هەروەها نیوەی زیاتری ڕۆژنامەکان ڕۆژنامەی سیاسی نەبوون، بەڵکو زیاتر گۆڤاری فکری بوون ، لەلایەنی شکڵ و ناوەڕۆکەوە، بەڵام ڕۆژنامە سیاسیەکان تەنها بەشداربوون لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی.

هەروەها پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و بڵاو بونەوەی پارتی سیاسی کە خاوەنی ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان بوون ڕۆژنامەکانیشیان گوزارشتیان لە ئامانج و بنەماکانی حزبەکان دەکرد، یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەشداریکردنی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری عێراقی لەو قۆناغەدا بریتیبوە لە پەیوەندی پارتە سیاسیەکان بە گەشەسەندنی بیری ڕۆژنامەگەری ئەو کاتەوە، (الدهان، 2006 : 26)

هەروەک چۆن گەشە کردنی پیشەسازی ڕۆڵی گێرا لە پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری و بەردەوامی مانەوەی.

دوای ئەوەی عێراق سەربەخۆی خودی دەستەبەر کرد ولە ساڵی 1932 چووە ناو کۆمەڵێ گەلان (عصبة الامم) ، ئەو دەمە ووڵاتە ئیستعمارییەکان دەستیان گرتبوو بەسەر ئابوری و داهاتی سروشتی و هەڵسان بە دامەزراندی کۆمپانیای مۆنۆپۆل و پیشەسازی نەوت گەشەی کرد و دوای ئەوە بە پێی ڕێڕەوی مێژووی هۆکارەکانی تری گەشەکردنی بەرهەم هێنان پێشکەوت و هەندێ پیشەسازی سەرەتایی پەرەی سەند و کارگەی جۆراو جۆر دروست بوون، کە هەمو ئەوانەی پەیوەست بوون بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە وڵات دا ، لە میانی ئەو پەیوەندییەی نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردن ، پێویستی بە ریکلام هە بوو تا لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بەدەرکەوت بۆ دابین کردنی ڕەواج بۆ شتومەکی ناوخۆیی، کە ئەوەش بووە پاڵنەرێک بۆ خاوەن ڕۆژنامەکان بۆ زیاد کردنی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

لە لایەکی تریشەوە حکومەت هەڵسا بە دابەشکردنی ئاگاداری ڕەسمی بەسەر ڕۆژنامەکاندا، ئەو بڵاو کردنەوەیەش کاریگەری زۆری کردە سەر پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری عێراق، لە ڕووی شکڵ و ناوەڕۆکەوە ، هەروەک چۆن کاریگەریشی کردنە سەر بودجەی دارایی خاوەن ڕۆژنامەکان ، کە بووە هۆی هاوکای دارایی بۆ دەرکردنی رۆژنامەکانیان ، کە ڕێگای خۆشکرد ئامێری چاپەمەنی تازەتر و پێشکەوتووتر بەکار بهێنن. (بطی ، 2010 : 31)

هەروەها لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی 1936 بە فەرمانی حکومەت ، پارتە سیاسیەکان لە کاری سیاسی وەستێنران ، بەڵام بە کۆتایی هاتنی ئەو جەنگە لە ساڵی 1946، ژیانی سیاسی بوژایەوە و ئەو سەردەمە پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری سیمایەکی حزبی و هزر و باوەڕی بەخۆوە بینی ، کە ئەم دۆخە نەک هەر پەیوەست بوو بە

بواری ڕۆژنامەوانی ، بەڵکو مێژوویێکی نوێش بوو، بەنسبەت ژیانی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی ، کە ئەو ساڵە دەرکەوتنی ژمارەیەک ڕۆژنامەی حزبی بەخۆوە بینی گرنگترینیان:-

1. پارتی نیشتمانی دیموکراسی: ژمارەیەک ڕۆژنامەی دەرکرد ئەوانیش (الأهالی ، صوت الأهالي ، صدى الأهالي ، ندا و الأهالي، شعلة الأهالي ، صرخة الأهالي)
2. پارتی سەربەخۆیی (حزب الاستقلال) : هەردوو ڕۆژنامەی (الاستقلال و صدى الاستقلال) دەرکرد.
3. پارتی ئەلئەحرار (حزب الاحرار): ڕۆژنامەی الاحراری دەرکرد .
4. پارتی الاتحاد الوطني : هەردوو ڕۆژنامەی (السياسة و صوت السياسة )ی دەرکرد.
5. پارتی گەل (حزب الشعب) ڕۆژنامەی الوطن ی دەرکرد.

ب- **ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی کۆماری (1958 – 2003).**

ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی کۆماری ،دابەش دەکرێت بۆ دوو قۆناغ، یەکەم لە چوارچێوەی ماوەی نێوان ساڵی 1958 کاتێک کودەتای چواردەی تەمووزی 1958 ڕوودەدات و کۆتایی بە ڕژێمی پادشایەتی دەهێنێت، درێژ دەبێتەوە تا ساڵی 1968 کە قۆناغی کۆماری دووەم دەست پێدەکات و حزبی بەعسی عەرەبی لە ڕێگەی کودەتایەکەوە، حوکمرانی دەگرێتە دەست و دواتر ئەم قۆناغە بە کۆتایی ڕژێمی سەدام حسین لە ساڵی 2003 دا کۆتایی دێت.

**قۆناغی یەکەم: ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی کۆماری یەکەم 1958-1968.**

سەرەرای بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی ،کە دەسەڵاتی پادشایەتی دژی ڕاگەیاندن پەیرەوی دەکرد و هەوڵی خەفەکردنی ئازادییەکانی دەدا، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگی پارتە سیاسیەکان بەشێوەی نهێنی و ئاشکرا شان بەشانی ڕۆڵی هەندێ ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن بەدیدەکرا ، بۆ هۆشیار کردنەوە ، بەڵام هاتنە کایەی کودەتا سەربازییەکەی چواردەی تەمووزی ساڵی 1958، هەڵسا بە داخستنی ئیمتیازی زۆربەی ڕۆژنامەکان کە پێشتر دەردەچوون ،بەو پێیەی کە ئەو ڕۆژنامانە لایەنگری ڕژێمی پادشایەتی بوون ، تەنها ڕێگەیان بە ژمارەیەکی کەمی ڕۆژنامەکان ،بەردەوامبن ، بە تایبەت ڕۆژنامە نهێنیەکانی سەردەمی پادشایەتی ، هەروەها دەسەڵات ڕێگەی دا بەدەرچوونی ژمارەیەک ڕۆژنامەی تازە ،کە لە بەغداد و پارێزگاکانی تر دەرچوون و ڕۆژنامەنووسان هەڵسان بە دانانی میکانیزمی نوێ بۆ بونیادنانی ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەری و بۆ یەکەمجار ژاندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەیی و ڕاپرسی و وتاری شیکاری و لێدوانی ڕۆژنامەیی هاتنە ناو ڕۆژنامەگەری تازەوە.

هەروەها بەهۆی دابەشبوونی ڕەوتی سیاسی لە دوای کودەتا بۆ دوو ڕەوتی سەرەکی : کە حزبی شیوعی عێراق و عەبدوالکەریم قاسم پشتگیریان لە ڕەوتێکیان دەکرد و ڕەوتەکەی تریش ، ڕەوتی نەتەوەیی بوو ، ئەو بارودۆخە ڕەنگیدایەوە بەسەر ڕۆژنامەگەری ئەو کاتەی عێراق.

دوای کەوتنی عەبدوالکریم قاســم و هاتنی عەبدوالســەلام عارف بۆ ســەر حوکم ، دامودەزگای دەوڵەت فەرمانی دەرکرد بۆ چاودێریکردنی ئەو ڕۆژنامانەی کە گومانیان لەسەرە و زیاتر ڕوبەری دەرکردنی ڕۆژنامەی بەرتەسککردەوە تا لە 3 ی کانونی یەکەمی ســاڵی 1967 لە ڕێگەی دەرکردنی یاســایەکی تایبەتەوە ، بواری ڕۆژنامەگەری خســتە ژێر کۆنترۆڵی دەســەڵاتەوە ،بەو جۆرە ڕۆژنامەگەری کەوتە ژێر (دامەزراوەی گشــتی بۆ ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی) بەو

هۆیەوە ئیمتیازی هەموو ڕۆژنامەکانی ڕەتکردەوە و ســەرلەنوێ هەڵســا بە پێدانی ئیمتیاز و دەرکردنی ڕۆژنامە ، کە هاوتەریبوون لەگەڵ پرۆگرامی سیاسی دەسەڵات.

**قۆناغی دووەم : ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی کۆماری دووەم( 1968 – 2003).**

دوای ئەوەی حزبی بەعس ، دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستیکرد بە هەڵمەتی کپکردنی ئازادی ڕادەربڕین و عەبدلعەزیز بەرەکات، نەقیبی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی لە سـیدارەدا و ڕۆژنامەگەری کرد بە دەنگی دەسـەڵات و هەموو جۆرە داهێنانێکی پیشـەیی کۆتایی هات و هەموو قاڵبە هونەرییەکانی ڕۆژنامە بە ڕێنمایی دەســەلات دەنوســران و ڕۆژنامەگەری عێراق بەلای خزمەتکردنی دەســەڵات داشــکێنرا بۆ ئامادەکردنی ڕایگشــتی دەربارەی ئامانجەکانی دەســەڵات، کە گرنگترین ئـامـانجە ســیـاســیـەکـانی حزبی بەعس بوون ، هەروەهـا پەیـامی ڕۆژنـامەگەری کرایە بەرەنگاربوونەوەی هەموو بیرو بۆچوونێک . (الوندی ، 2008 ، www.ankawa.com)

**قۆناغی سێ یەم : ڕۆژنامەگەری عێراق دوای 2003 و تێڕوانینی گشتی**

دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسن ، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە 2003/4/9 ، پۆل بریمەر بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی عێراق لە 2003/5/23 بڕیاری ژمارە (1483)ی دەرکرد ،کەتایبەت بوو هەڵوەشاندنەوەی ژمارەیەک دامەزراوەی پێشووی عێراق ، کە ناویان لێنرا کیانی هەڵوەشاوە، لەوانە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن سەرجەم ڕۆژنامە و کارمەندەکانی لە کار خران (قاسم،2008 :20) دواتر ڕینمایی نوێ بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەرکرا کە لە دوای 2003 دەست بەکاربن بەڵام بەو مەرجەی هانی توند و تیژی و ڕق و کینەی تایفی و ڕەگەزی نەدەن.

لێرەو گۆرەپانی میدیای عێراق بە ڕووی هەموو کەس و لایەنێکدا کرایەوە، گەر بتەوێ ڕۆژنامە یان گۆڤار و چاپەمەنی دەربکات ،یاخود کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن دابمەزرێنن بە بێ چاودێری.

لێرەدا دەشێت. لە ڕووی موڵکداریەوە ڕۆژنامەگەری عێراق بۆ ئەم ئاستانەدا دابەشبکرێت:-

**یەکەم: ڕۆژنامەی ڕەسمی:**

کە خۆی دەبینێتەوە لە هەردوو ڕۆژنامەی (الصباح و سومر) کە لەلایەن تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقیەوە دەردەچن.

**دووەم : ڕۆژنامەی پارتە سیاسییەکان:**

مەبەست لێی ئەو ڕۆژنامانەن. کە گوزارشت لە بۆچوون و بەرنامەی سیاسی و ڕێکخستنەکانی پارتە سیاسیەکان دەکەن و لەلایەن ئەوانەوە دەردەچن، گرنگترین لەو ڕۆژنامانە ئەمان:

1. ڕۆژنامەی (العدالة) سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیە.
2. ڕۆژنامەی (التأخی) سەر بە پارتی دیموکراسی کوردستان
3. ڕۆژنامەی (طریق الشعب) سەر بە حزبی شیوعی عێراق.
4. ڕۆژنامەی (المؤتمر) کۆنگرەی نیشتمانی عێراق دەری دەکات.

**سێیەم : ڕۆژنامەی سەربەخۆ:-**

بریتین لەو ڕۆژنامانەی کە لەلایەن کەسانی سیاسی سەربەخۆی دەردەچن ،کە هەندێکیان هی ئەو کەسە سیاسیانەن کە پێشتر لایەنگری لایەن و پارتە سیاسیەکان بوون ،وەک ڕۆژنامەی (الزمان ، المشرق ، المدی ، الصباح الجدید) .

**چوارەم: ڕۆژنامەی بازرگانی و ئاگادارییەکان:-**

بریتین لەو ڕۆژنامانەی کە لەلایەن هەندێ ڕۆژنامەنووس و پیاوانی کار، دەردەچن بۆ قازانجی دارایی و سیاسی.

**پێنجەم : ڕۆژنامەی تایبەتمەند:-**

بریتین لەو ڕۆژنامانەی ، کە بابەتێکی دیاریکراو لە خۆ دەگرن ، وەک ڕۆژنامەی کلتوری، ئابوری ، ژنان ، وەرزش.

نموونەی ڕۆژنامەی تایبەتمەندی وەرزش لە عێراق وەک (جريدة الرياضي ، الجديد ، الاتحاد الرياضي ، الملاعب ، بصرة سبورت ، الكرة ، الكنز الرياضي...) (الموسوى ،2007 : 170)

بەشێوەیەکی گشتی لە عێراقدا ، (143) ڕۆژنامە لەلایەن کەس و لایەنی تایبەتەوە دەردەکرێت، کە ڕێژەکەی دەکات 30,87% هەروەها ئەو ڕۆژنامانەشی کە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەردەچن ژمارەیان دەگاتە (121) ڕۆژنامە بە ڕێژە 26,5% ، لەگەڵ (117) ڕۆژنامەی جۆراو جۆر، کە لەلایەن دامەزراوەکانەوە دەردەچن و ڕێژەی 25%ی کۆی ڕۆژنامەی عێراقی پێکدەهێنێت ، (الشمری، 2008 : 91) هەروەها کۆی ڕۆژنامە ئاییینیەکانیش ، ژمارەیان دەگاتە (21) ڕۆژنامە بە ڕێژەی 4,5% و (18) ڕۆژنامە لەلایەن وەزارەتەکانەوە دەردەچن کە ڕێژەکەی دەگاتە 3,9% لەگەڵ دەرچوونی (41) ڕۆژنامەی تر کە سەرچاوەی خاوەندارێتیەکەی نادیارە.

**خەسڵەت و سیما دیارەکانی ڕۆژنامەگەری لە عێراق دوای 2003.**

دوای ڕوخانی ڕژێمی حکومڕانی پێشوو، عێراق پێی نایە قۆناغێکی نوێ و کۆمەڵێک جیاوازی بەخۆیەوە بینی ، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. هەندێ لە ڕۆژنامەکان لە چوارچێوەی پەرەی نایاب و چاپەمەنی نوێدا دەردەچن.
2. هەندێ لە ڕۆژنامەکانی عێراق ، لەلایەن پارتە سیاسی و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانەوە دەردەچن، کە هەندێکیان پێشووتر ناسراو بوون و هەندێکی تریان نەناسراو بوون.
3. هەڵەی ڕێزمانی و چاپەمەنی زۆر لە ڕۆژنامەکاندا بەدیدەکرێت.
4. هەندێ لە ڕۆژنامەکان ڕەنگدانەوەی ململانێ و کێشمەکێشی ناوچەیی و مەزهەبی و ڕەگەزی خێڵایەتی لە خۆ گرتووە.
5. زۆربەی ڕۆژنامەکان ، پەنا دەبنە بەر نووسینگەی دیزاین ، بۆ دەرهێنان تاوەکو نمونەیەکی بەرزی دیزاینی هەبێت.
6. ڕۆژنامەکان دەرفەتی کاری زۆریان ڕەخساندووە، بۆ ڕۆژنامەنووسان وێنەگران.
(www.Al-iranews.net خلف)
7. زۆربەی ڕۆژنامەکان پشتدەبەستن بە جێگیرکردنی دەستەواژەی (تۆمارکراوە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامە نووسان ) لە ژێر ژمارە ....بۆ بەدەستهێنانی پلەیەک ،لە شەرعیەتی پیشەیی.
8. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی زەرد، کەپشت دەبەستن بە هەواڵی سەرچاوەی نادیار و چیرۆکی سیاسی وروژێنەر بۆ ئارەزووەکانی خوێنەر ، یاخود بڵاو کردنەوەی کێشەی ئابڕویی و ڕەوشتی و سیاسی و دارایی بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامانە زۆرترین تیراژ بفرۆشن.

9. بەو پێیەی ڕۆژنامە لە عێراق، بە ڕۆژنامەی چەندێتی دادەنرێت ،نەک چۆنێتی ، ڕاستگۆیی لە بڵاوكردنەوەی هەواڵ، پێویستی بە وردبینی و قوڵبوونەوە هەیە. (قاسم ، 2008، 22)

## بەشی سێیەم

## بەراوردکاری نێوان قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری عێراق

لەبەشــی دووەمدا، باســمان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراق کرد، بەجۆرێک کە ئەرک و ڕۆڵ و خاسیەت و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ڕۆژنامەکانی ئەو دەمە جیاجیانە خرانە ڕوو.

لەم بەشــەدا کە بەکرۆکی توێژینەوەکە دتدەنرێت، هەوڵدەدەین تیشــک بخەینە ســەر دیارترین یاخود گرنگترین، خە سڵەت و جیاوازی ڕۆژنامەگەری لەو سەردەمانەدا، کە دابە شکراون بۆ چوار قۆناغی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە قۆناغەکانی:-

١- قۆناغی عوسمانیەکان .

٢- قۆناغی داگیرکاری بەریتانیا .

٣- قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق( سەردەمی پاشایەتی) .

٤- قۆناغی دوای کودەتای تەموزی ســاڵی (١٩٥٨)، کۆمارییەکان ســەرەڕای پۆلێنکردنی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەم چوار قۆناغە ســەرەکیانە، هەریەک لەم قۆناغانەش چەند قۆناغێکی لاوەکی تر، یاخود ماوەیی دیاریکراوی تر لەخۆ دەگرن، کە ڕووداوە سیاسیەکان لەیەکی دابڕیون ، بۆ نمونە ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی عوسمانیەکان دابەش دەکرێت بۆ دوو ماوەی جیا، ڕۆژنامەگەری عێراق لەســەردەمی پێش شــۆڕش مەشــروت واتە پێش ســاڵی (١٩٠٨) ، لەگەڵ ڕۆژنامەگەری دوای مە شروتە واتە لە دوای ساڵی (١٩٠٩) ، کە ڕۆژنامەگەری عێراق لەهەمان سەردەمدا واتە سەردەمی عوسمانیەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات.

هەروەها ڕۆژنامەگەری عێراق لەقۆناغی داگیرکردنی بەریتانیەکان لە ساڵی (١٩١٤) دە ست پێدەکات ئەویش لە ڕووە مێژووییەکەیەوە دەبێتە دوو بەش، ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیا پێش شۆڕشی بیست لەگەڵ ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیا لەدوای شۆڕشی بیست .

سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری عێراق لە قۆناغی پاشایەتیدا، دابەش دەکرێت بۆ سآ ماوە، پاشایەتی یەکەم لەسەردەمی مەلیک فەیســەڵی یەکەم، هەروەها ڕۆژنامەگەری عێراق لە ســەردەمی پاشـایەتی دووەم واتە لەسـەردەمی حکومڕانی مەلیک غازی لەگەلأ ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی پا شایەتی سێیەم واتە لە سەردەمی مەلێک فەیسەڵی دووەم کە دەکاتە کۆتا قۆناغی پاشایەتی عێراق .

ڕۆژنامەگەری عێراق لە قۆناغی کۆماری واتە لەدوای شۆڕ شی ساڵی (١٩٥٨) تا ئێستا دابەش دەکرێت بۆ سآ ماوەی مێژوویی، بەگوێرەی کۆمارییەکان، وەک ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەردەمی کۆماری یەکەم، کە لە ساڵی (١٩٥٨) دە ست پێدەکات، تا ساڵی (١٩٦٨) تا ساڵی (٢٠٠٣)، واتە تا دوای کەوتنی ڕژێمی حیزبی بەعس کە بەدواین قۆناغی ڕۆژنامەگەری دێت و تا ئێستا بەردەوامە.

مێژوونووســان و لێکۆڵەرەوانان پێش ڕووداوە ســیاســیەکان و گۆڕانکاری قۆناغی فەرمانڕەوا پێکردنی عێراق، مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراقیان پۆلێنکردووە، چونکە هەر گۆڕانکارییەک یان هاتە سـەر حکومڕانی هەر سـیسـتمێکی فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆ سیستمی ڕۆژنامەگەری عێراقیشیان گۆڕیوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم خشتەیە:-

| ژمارە | قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری عێراق | سەردەمەکان | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | عوسمانی | پێش سەردەمی مەشروتە | ١٨٦٨- ١٩٠٨ |
| | | دوای سەردەمی مەشروتە | ١٩٠٩ - ١٩١٤ |
| ٢ | داگیرکاری بەریتانیا | پێش شۆڕشی بیست | ١٩١٤ - ١٩٢٠ |
| | | دوای شۆڕشی بیست | ١٩٢٠ - ١٩٢٢ |
| ٣ | پاشایەتی | پاشایەتی یەکەم | ١٩٢٣ — ١٩٣٣ |
| | | پاشایەتی دووەم | ١٩٣٣ — ١٩٤٥ |
| | | پاشایەتی سێیەم | ١٩٤٥ - ١٩٥٨ |
| ٤ | کۆمارییەکان | کۆماری یەکەم | ١٩٥٨ - ١٩٦٨ |
| | | کۆماری دووەم | ١٩٦٨ - ٢٠٠٣ |
| | | کۆماری سێیەم | ٢٠٠٣ - |
| کۆ | ٤ | ١٠ | ١٤٨ |

بە گوێرەی ئەو خشتەیە دەردەکەوێت مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا بە چوار قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە، کە ئەو چوار قۆناغەش دە سەردەمی جیاجیای لەخۆ گرتووە سالآنی ڕۆژنامەگەری تا ئێستا واتا تا ساڵی ٢٠١٦ دەکاتە ١٤٨ ساڵ، کە لەماوەی ئەو سالآنەداو لەهەموو قۆناغ و سەردەمەکان ڕۆژنامەگەری عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەری لەڕووداوە سیاسیەکان وەرگرتووە و خۆشی کاریگەری کردۆتە سەر باری سیاسی و کۆمەلآیەتی لەو سەردەمە جیاجیا یانەدا، بەجۆرێک ڕۆژ نامەگەری عێراق لەهەریەک لەو سەردەم و قۆ نا غانەدا بەگوێرەی سیستمی حکومڕانی و دۆخی سیا سەتی گشتی، خە سڵەت و تایبەتمەندی خۆیان وەرگرتووە، کە شایەنی بەراوردکاری و جیاکاری و هەڵسەنگاندنن.

بۆ ئەم مەبەستە لەم بەشەدا لەسەر چەند ئاستێکی گرنگ بەراوردکاری و هەڵسەنگاندن بۆ قۆناغە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری عێراق دەکەین .

## یەکەم/ لە ڕووی سیستمی ڕۆژنامەگەرییەوە:-

سیستمی ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی عوسمانیەکان بەتایبەتی لەسەردەمی پێش مەشروتە، ڕاستەوخۆ سەربەسیستمی فەرمانڕەوایی حکومی عوسمانی بوو لەلایەن والی بەغداوە خاوەندارێتی دەکراو دواتر بەهۆی دەرچونی ڕۆژنامەی تر لە موصڵ و بەسرا خاوەندارێتیان دەکرد، کەواتە بەو پێیە دەسەلآت ڕۆژنامەی دەرکردووە، سیستمی ڕۆژنامەگەری دەسەلآتخوازی پەیڕەو کرا، بەلآم سەبارەت بەسەردەمی دوای شۆڕشی مەشروتە، جگە لە

ڕۆژنامەکانی سەر بەوالییەکانە عوسمانی ڕۆژنامەگەری گروپی سیاسی و ڕۆشنبیری بە شێوەی بچڕ بچڕ دەرکراوە، جگە لەوەش لە بەغداو هەندآ شاری تر ڕۆژنامەی ئەهلی سەر بە کەرتی تایبەت دەرکراوە .

بەلآم سیستمی رۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیا لە قۆناغی پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ ڕۆژنامەگەری ڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە دەردەکراو جگە لە ڕۆژنامەکانی سەربەخۆی ڕێگەی بە ڕۆژنامەو چاپەمەنی تر نەدەدا، تەنانەت ڕۆژنامە ئەلزەورای داخست، کە ئەوکاتە یەکێک بوو لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە، بەلآم لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ و کاڵبونەوەی چڕی دەسەلآتی بەریتانیا بەرە بەرە ڕۆژنامەی تر لەلایەن ڕۆشنبیران و کەرتی تایبەت دەرکران.

بەلآم ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی پاشایەتیدا، بەتەواوەتی گۆڕا سیستمی ڕۆژنامەگەری لەو سەردەمەدا دابەش بوو بۆ ڕۆژنامەگەری ڕەسمی و حیزبی و تایبەت، ڕۆژنامەگەری لە سەردەی پاشایەتیدا لەڕووی سیستمی ڕاگەیاندنەوە، بەڕۆژنامەگەری حیزبی دادەنرێت، کە ژمارەیەک ڕۆژنامە دەرچون بونە زمانحاڵی حزبە سیاسیەکان لەو سەردەمەدا وەک:-

- ڕۆژنامەی (الأهالي و صوت الأهالي و ندا و الأهالي) کە سەر بە پارتی نیشتیمانی دیموکراسی بوو گوزارشتی لە بەرنامەی ئەوروپا نەدەکرد .
- ڕۆژنامەی (الأستقلال ) سەربەپارتی ئیستقلال بوو گوزارشتی لەبەرنامە سیاسیەکانی ئەوروپا نەدەکرد .
- ڕۆژنامەی (الأحرار) سەر بەپارتی (ئەحرار ) بوو گوزارشتی لەبەرنامە سیاسیەکانی ئەو پارتە دەکرد.
- ڕۆژنامەی (الوطن) سەر بە پارتی شەعب بوو گوزارشتی لەبەرنامە سیاسیەکانی ئەو پارتە دەکرد. (الرواوی ، 2010: 47 )

هەروەها سیستمی ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی کۆماریدا لە دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ بووە زمانحالی شۆڕش و ڕاستەوخۆ گۆڕا بۆ خاوەندارێتی دەسەلآت و دەوڵەت بەجۆرێک ڕۆژنامەگەری ڕەسمی باڵی بەسەر سیستمی ڕۆژنامەگەری داکێشا و حکومەت لە ڕێگەی دەرکردنی بریاری (206) ی تایبەت بە چاپەمەنی ، بەفەرمی ڕۆژنامەی ئازاد و کەرتی تایبەت و ڕۆژنامەی حزبی قەدەغە کرد،سەبارەت بە قۆناغی کۆماری دووەم کە لەدوای ساڵی ١٩٦٨ وە دەست پێدەکات و حزبی بەعس لەڕێگەی کودەتاوە، حوکمڕانی دەگرێتە دەست ، ڕۆژنامەگەری عێراق بە تەواوەتی لەلایەن دەسەلآت و حزبی حاکمەوە کونترۆلأ دەکرێت، جگە لە حزبی بەعس هیچ پارتێکی سیاسی تر بە ئاشکراو ڕەسمی ڕۆژنامەی نەبووەو ناچار بوون بەشێوەی نهێنی ڕۆژنامە دەربکەن .

## دوەم : لە ڕووی ئەرک و ڕۆڵەوە :

بەگوێرەی گە شەکردنی قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری لە سەر ئا ستی جیهان، ڕۆڵ و ئەرکەکانی ڕۆژنامە زۆرتر بوون، لە ئێستادا گرنگترین ئەرکەکانی ڕۆژنامە بریتین لە ئەرکەکانی :-

- هەواڵ و زانیاری گەیاندن .
- ڕۆشنبیریکردن و هۆشیاری .



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- چاودێریکردنی دەسەڵاتە جیاکان و کۆمەڵگا .

- چێژ بەخشین و کات بەسەر بردن .

- ئابووری .

بەلآم لەگەڵ ئەوە شدا لە هەموو کۆمەڵگا و ولآتان، ڕۆژنامەگەری وەک یەک و بەیەک ئاڕا ستە ئەرکەکان جێ بەجێ ناکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی سیاسی و حوکمڕانی ئەو کۆمەڵگایانە .

ڕۆژنامەگەری عێراق بەپێی قۆناغەکانی مێژووی دروســـت بوونی، ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازی هەبووە ، دەکرێت بەم شێوەیە بەراوردیان بکەین:-

ئەرکی ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی عوسمانی لەم ئامانجانەدا ڕەنگیداوەتەوە :-

- بلآوکردنەوەی فەرمانە ڕەسمییەکانی دەسەلآتی عوسمانی .

- بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکانی و لایەتەکانی عوسمانی .

- گێڕانەوەی متمانە لەنێوان هاولآتیان و دەســـەلآت ، کە ئەو ســـەردەمە بە هۆی هەژاری و نەهامەتیەوە کەلێن کەوتبوە نێوان والی یەکان و دانیشتوانی ولایەتەکان .

- بلآوکردنەوەی چالاکی ئاینی و دەرخستنی ڕۆڵی پیاوانی ئاینی.

- گرنگیدان بە هەواڵ و چالاکی هۆزو سەرۆک هۆزەکان، بەمەبەستی چەسپاندنی زیاتریان بەدەسەڵاتەوە.

بەلآم ڕۆژنامەگەری لەســـەردەمی داگیرکەری بەریتانیا، کۆمەڵێک ئەرکی جیاوازی تری هەبوو، بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی عوسمانیەکان ئامانج و ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەر دەمی داگیرکاری بەریتانیا بریتی بوون لە:-

- بلآوکردنەوەی هەواڵی جیهان بەتایبەتی هەواڵی ئەو ناوچانەی کە ئەوکاتە لە ژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیا بوون.

- دامرکاندنەوە و لاوازکردنی لایەنگرانی عوسمانی.

- بڕوا هێنان بە عێراقیەکان بەوەی کە بەریتانیا لە پێناوی بەرژەوەندی ئەواندا هاتووە.

- باوەڕهێنان بە عێراقیەکان، بەریتانیا بریتیە لەهێزو شارستانێتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی .

- دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ گروپ و کۆمەڵی کۆمەڵگای عێراق وەک سەرۆک هۆزو پیاوانی ئاینی و پیاوانی کارو بازرگانەکان .

- بلآو کردنەوەی چالاکیە عەمراڵی و ئاواکردنەوەکانی عێراق ، کەلەلایەن بەریتانیاوە ئەنجام دەدران .

هەروەها ئەرک و ڕۆڵ و ئـامـانجی ڕۆژنـامەگەری ، لەســـەردەمی پـاشـــایەتی پێی دەخـاتە قۆنـاغێکی ترەوەو مەبەستەکانی بەریتانیا لەچوارچێوەی ڕۆژنامەگەری عێراق کۆتایی دێت و ڕۆژنامەگەری لە دوای ئەو مێژووەوە، ئامانج و مەبەستی تر لە خۆ دەگرێت کە دیارترینیان ئەمانەن :-

- بلآو کردنەوەی هۆشیاری سیاسی و بیری نوێی. بەتایبەتی بیری ڕۆژئاوا کە لەدوای ڕوخانی عوسمانی ببوە دیاردە لە ناوچەکەدا.

- بلآوکردنەوەی گوتارو بیرو بۆچونی پارتە سیاسیەکان ، چونکە ڕۆژنامەگەری حزبی لەو سەردەمەدا باو بووە .

- بلآوکردنەوەی ئاگادارییە ڕەسمیەکانی پاشایەتی .

- بلآوکردنەوەی ڕیکلام و ئاگاداری بازرگانی و پیشەسازی بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی پاشایەتی عێراق ، بوژانەوەیەکی بەرچاوی پیشەسازی بە خۆوە بینی ،

هەروەها ئەرک و ڕۆڵ و ئامانجی سەرەکی ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی کۆماری یەکەم (١٩٥٨-١٩٦٨) بە دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا تێدەپەڕێت ، لەسەرەتاکانی شۆڕش بەتایبەتی لەسەردەمی عبدالکریم قاسم .شوعیەکان کۆنترۆڵی ڕۆژنامەگەری ڕە سمیان کردبوو، ڕۆژنامەگەری ڕە سمیان کردبوو، ڕۆژنامەیان کردبووە خزمەتی بیری سۆ شیالیستی و بانگەشە بۆ پرۆگرام و بەرنامەکانی حزبی شیوعی بەلآم لە دوای کودەتاکەی دژی قاسم، بەعسیەکان کۆنترۆڵی ڕۆژنامەگەری عێراقیان کردووە، ڕۆژنامەی ڕەسمی دەوڵەتیان کردبووە ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی بیرو ئایدۆلۆژیای بەعسیزم .

سەبارەت بە قۆناغی کۆماری دووەمیش (١٩٦٨-٢٠٠٣) ڕۆژنامەگەری عێراق بەتەواوەتی کەوتە حکومەتی بەعسیەکان و ڕۆژنامە دوو ئەرکی سەرەکی گرتە دەست .

یەکەم: پاڵپشتیکردن و پێهەڵدان بەدەسەلآت و ڕەواج کردن بۆ فکرو بەرنامەی سیاسی بەعسیزم .

دووەم: دژایەتیکردنی نەیارەکانی دەسەلآت لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لە کاتی جەنگی نێوان عێراق – ئێران ، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ڕۆژنامەگەری عێراق لە خزمەتی ئەو جەنگەدا بوو، لە باری گواستنەوەی هەواڵەکان و زێدەڕۆیی لە سەرکەوتنەکان و شاردنەوەی شکستەکانی .

هەروەها ئەرکی ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی کۆماری سێیەم واتە لە دوای ٢٠٠٣ وە، ئەرک و ئامانجەکانی ئاڵۆزو بەرفراوان تر بوو، ئەویش بەهۆی گۆڕانی سیستمی سیاسی و حوکمڕانی لەسیستمێکی سەرکوتکاریەوە بۆ سیستمێکی مەزهەبی و تایفەگەرایی نارێک، ئەمەش وایکرد، ڕۆژنامەگەری لە عێراق دابەش بێت بۆ :-

- ڕۆژنامەی رەسمی .
- ڕۆژنامەی مەزهەبی .
- ڕۆژنامەی نەتەوەیی .
- ڕۆژنامەی حزبی .
- ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت .

بۆیە ئەرک و ئامانج و ڕۆڵەکانیش، بەگوێرەی ئەو دابەش بوونە، دابەش بوو دەکرێت ئامانجی ئەو ڕۆژنامەگەری لەم سەردەمەدا دیاری بکەین بۆ ئەم مەبەستانە :-



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١- ڕەواجی مەزهەبی، بەتایبەتی لەنێوان شیعە و سوونە .

٢- ڕەواجی نەتەوەیی لەنێوان عەرەب و کوردو تورکمان .

٣- چاودێری کردنی دەسەلآت .

٤- گواستنەوەی ململانێ لەسەر کردایەتی لایەنەکان بۆ بنکەی جەماوەر .

٥- دژایەتیکردنی تیرۆر بەتایبەتی چالاکیەکانی داعش و قاعیدە

٦- ئەرکی ئابوری لەچوارچێوەی ریکلامی بازرگانی و شیکاری بابەتە ئابوریەکان . (عەلی، 2016 : 89 )

## سیەم : لەڕووی زمانی دەرچونیانەوە :

زۆربەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی عوسمانی بەزمانی تورکی و عەرەبی دەرچوون، بەو پێیەی زمانی تورکی زمانی ڕەسمی دەوڵەت بووە و زمانی عەرەبیش زمانی ئاخاوتنی گشتی هاولآتیان بووە، بەلآم لەسەردەمی داگیرکەری بەریتانیا.ڕۆژنامەکانی عێراق بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی دەرچوون، یەکەم ڕۆژنامە کە بەریتانیا لە عێراق دەریکرد ڕۆژنامەی (الاوقات البصرية)بوو کە لە ساڵی ١٩١٤ لە بەسرا بەهەر چوار زمانی ( ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی) دەردەچوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو.

هەروەها جگە لەو زمانانە لێرەو لەوێ ڕۆژنامە بەزمانی کوردی و بەزمانی عیبری کە زمانی جولەکەکان بوو، ڕۆژنامە دەرچووە . یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کەلە عێراق بەئاشکراو بەزمانی کوردی دەرچووبێت ڕۆژنامەی (بانکی کوردستان) کەلەلایەن مستەفا پاشای یا مولکی لەشاری سلێمانی دامەزراوەو شان بەشانی زمانی کوردی بەزمانی تورکی و عەرەبیش بابەتی بلآو کردۆتەوە لە کاتێک لە شاری بەغدا لە سەردەمی عو سمانیەکان لە ساڵی ١٩١٤ لەلایەن جەمالەدین بابان ڕۆژنامەیەک بەزمانی عەرەبی و تورکی بەهەمان ناو (بانکی کوردستان) دەرکراوە، ئەگەرچی ناوەکەی کوردی بووە، بەلآم بەزمانی کوردی دەرنەچووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەسەلآتداری عوسمانی ڕێگەی نەداوە ڕۆژ نامە بەز مانی کوردی لەبە غدا دەربچێت ، جگە لە ڕۆژ نامەی ( بانکی کورد) لەسەردەمی داگیرکەری بەریتانیا ڕۆژنامەی (ڕۆژی کورد) وەک ڕۆژنامەیەکی هاوبەشی کەرتی تایبەت و ڕەسمی دەسەلآت بە ئینگلیزی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ بە زمانی کوردی دەرچووە.

ڕۆژنامەکانی عێراق لە قۆناغی پاشایەتیدا بەزۆری بەزمانی عەرەبی دەرچوون و لە پارێزگا کوردیەکانیش چەند ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەرچوون و لە شاری کەرکوکیش ڕۆژنامە بەزمانی تورکی دەرکراوە، قۆناغی پاشایەتی بەقۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەست پێدەکات ، کە وردە وردە زمانی تورکی و ئینگلیزی لە ڕۆژنامە ڕەسمیەکاندا لادەبرین و ڕۆژنامەکان بە عەرەبی دەردەچن لەم قۆناغەدا جگە لەزمانی عەرەبی چەند ڕۆژنامەیەک بە پچرپچڕی بە زمانی کوردی دەرچوون، هەروە ها لە شاری کەرکوکیش ڕۆژنامەی لۆ کاڵی بەزمانی تورکی دەرچووە ، بەلآم لەسەردەمی کۆماری یەکەم، بەتایبەتی لەکاتی فەرمانڕەوایکردنی عەبدولکریم قاسم، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕۆژنامە تەنها بەزمانی عەرەبی دەرچووە دواتر لەسەردەمی کۆماری دووەم کە بەعسیەکان هاتنە سەر حوکمڕانی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕایی گشتی کوردستان، جگە لە زمانی عەرەبی ، ڕۆژنامە بەزمانی کوردیش دەرچووە .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەلآم لەســـەردەمی کۆ ماری ســـێیەمەوە ڕۆژنامەگەری عێراق بەزۆربەی زمانە کانی نەتەوە جیاجیا کانی عێراق دەرچوون ، جگە لەزمانی عەرەبی و کوردی ڕۆژنامە بەزمانی تورکی و سریانی و ئاشوری و ئەرمەنی دەردەچن .

لەم خشـــتەیەدا زمـا نی دەر چوو نی ڕۆژنـامەکـا نی عـێراق بە پـێی قۆنـاغە مـێژوو ییەکـا نی ڕۆژنـامەگەری ڕونکراوەتەوە :-

| قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری عێراق | ماوە | زمانی دەرچوون |
| --- | --- | --- |
| عوسمانی | ١٨٦٨ - ١٩١٤ | تورکی - عەرەبی |
| داگیرکەری بەریتانیا | ١٩١٤ – ١٩٢٢ | ئینگلیزی - عەرەبی –تورکی- فارسی- کوردی |
| پاشایەتی | ١٩٢٢ – ١٩٥٨ | عەرەبی - کوردی - تورکی |
| کۆماری یەکەم | ١٩٥٨ – ١٩٦٨ | عەرەبی |
| کۆماری دووەم | ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ | عەرەبی - کوردی |
| کۆماری سێیەم | ٢٠٠٣ - ... | عەرەبی - کوردی – تورکی – ئا شوری – سریانی - ئەرمەنی |

## چوارەم : لەڕوی رۆژنامەگەری کوردییەوە .

لە زۆربەی قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەری عێراق ، رۆژنامەی کوردی بەزمانی کوردی دەرکراوە، بەڵام لەڕوی چەندێتی و چۆنێتییەوە جیاوازییان هەبووە، ئەوەش بەهۆی بارو دۆخی سیاسی و حوکمرانی هەریەک لەو قۆناغانەوە بوە.

لە قۆناغی عو سمانییەکان رۆژنامەی کوردی نەبووە، ئەگەرچی لە دوای شۆر شی مە شروتە بە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی بەریتانیا لە سالی 1914 لە بەغدا لە لایەن جەمالەدین بابانەوە رۆژنامەیەک بەناوی (بانکی کورد) دەکراوە، بەڵام بەز مانی تورکی و عەرەبی دەرچووە و تەنها پێنج ژ مارەی لێدەرکراوە ( البطی، 2010 : 36 ) بەڵام لەســـەردەمی بەریتانیاکان وەک زۆربەی ولایەتەکان و پارێزگاکانی تری عێراق، لە بەغدا و کوردســـتانیش بەزمانی کوردی رۆژنامە دوردەچێت، گرنگترین ئەو رۆژنامانەی کە لەو قۆناغەدا دەرچون :

- تێگەیشتنی ڕا ستی ، لە ساڵی 1918 – 1920 لە بەغدا دەرچووە ، لە ژێر ناوەکەی نو سراوە ( رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتماعی و خادیمی سەربەستی کوردانە )
- پێشکەوتن ، لە ساڵی 1920 – 1922 لە سلێمانی دەرچوە .
- بانکی کوردســـتان ، لە ســـالی 1922 دەرچوە و لەژێر ناوەکەی نوســـراوە (عیلمی ، ئیجتماعی ، ئەدەبییە، غەزەتەیەکی حور و سەربەستی میللیە)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- ڕۆژی کوردستان ، لە سلێمانی لە ساڵی 1922 دەرچوە و لە ژێر ناوەکەی نوسراوە ( سیاسی ، ئەدەبی ، ئیجتماعیە، غەزەتەیەکی رەسمیە )

بانگی حەق، لە ئەشکەوتی جاسەنە ، لە سلیمانی سالی 1923 ، وەک رۆژنامەی بەرهەڵستکار لە لایەن شێخ مەحمودی حەفید دەرچوە . (ئەمین، 2013 : 351 )

هەروەها لە قۆناغی پاشایەتی کە بەسەردمی راستەقینەی رۆژنامەگەری عیراقی دادەنریت هاو شیوەی رۆژنامە عەربیەکان لە کوردستان و بە غدا رۆژنامەی کوردی بەزمانی کوردی دەرچووە ، دیارترین ئەو رۆژنامانەی لەو سەردەمە دەرچووون :-

- ئومیدی ئیستقلال، لە سلێمانی لە ساڵی 1923 – 1924 ، دەرچوە لە ژێر ناوەکەی نوسراوە ( سیاسی ، ئەدەبی ، ئیجتماعییە، غەزەتەیەکی رەسمیە )
- ژیانەوە ، 1924 – 1926 لە بەغدا بە زمانی کوردی دەرچووە، نو سیویەتی ( غەزەتەیەکی حکومیە و هەفەی جارێک دەردەچێت )
- ژیان ، لە سلیمانی لە ساڵی 1926- 1938 دەردەچووە و لە ژێر ناوەکەی نوسراوە ( غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، ئیجتماعیە ، هەفتەی جارێک دەردەچێت )
- زاری کرمانجی ، لە رەواندوز لە سالی 1926 – 1932 دەرچوە .حوسنی موکریانی خاوەن و سەر نووسەرەکەی بووە .
- روناکی ، لە هەولێر ساڵی 1935 دەرچوە ، حوسنی موکریانی سەرنوسەری بووە.

سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردی لە قۆناغی رۆژنامەوانی کۆماری یەکەم ، واتە سەردمی دوای شۆرشی 14 ی تەموز، وەک ززۆربەی رۆژنامەکانی تر تا رادەیەک پاشەکشەی بە خۆوە بینی ، چونکە بە گشتی لەو سەردەمەدا هەندی رۆژنامەی حزبی کە پێشتر لە سەردەمی پاشایەتی دەردەچوون لە قۆناغی کۆماری راگیران، هۆکارەکەشی بۆ کَیشمەکَیشم و ململانی سیاسیەکانی ئەو سەردەمە دەگەرێتەوە کە بوە هۆی ئەوەی عەسکەر دەستی تێوەربدات و لەو دەمە کۆمەلێک هەوڵی کودەتایی رویداو لە ئەنجامدا لە شوباتی 1963 عەبدولسەلام عارف بەهاوکاری بە عسیەکان توانیان کودەتا بەسەر عەبدولکەریم قاسم بکەن و حوکمرانی بگرنە دەست ، ئەوەش بۆوە هۆی گۆرانکاری بەسەر سیستمی رۆژنامەوانی عێراق و لە سەرەتای شۆرش جگە لە رۆژنامە حزبیەکانی سەردەمی پاشایەتی کە لە برەو دا بوون ، بە برەوی بەردەوام بوون بەڵام لە دوای کودە تای 1963 زۆربە یان داخرا ، کە هە ندی رۆژ نامەی کوردیشی گرتەوە ، ئەو رۆژنامە کوردیانەی کە لەسەرەتای شۆرشی تەموز لە عیراق دەرچوون و لە کودەتای شوبات داخران بریتی بوون لە:-

- ڕزگاری ، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو و لە شەش ی کانونی یەکەمی ساڵی 1958 لە لایەن ساڵح حەیدەری دەرکراوە بەڵام لە 3 ی نیسانی ساڵی 1960 راگیرا .
- برایەتی ، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە و بەڵام پاش ماوەیەکی کەم راگیرا .
- ئازادی ، بە زمانی کوردی لە شاری هەولیر لە لایەن جەرجیس فەتحولاوە دەردەچوو و زمانحتای حزبی شوعی عیراق بوو و لە 6 ی ئابی 1961 راگیرا .



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- دەنکی کوردان (صــوت الاكراد ) بە زمانی کوردی و عەرەبی بە شــیوەی پچر پچر دەردە چوو و لە 23 ی ئابی 1961 راگیرا .

- روناهی، بەزمانی کوردی لە هەولێر لە لایەن حافز مســتەفا قازی، دەردەچوو و لە 17 ی ئەیلولی 1960 راگیرا .

- خەبات (النضــال) لە ســاڵی 1959 بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەرچووە و ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازی بووە و لە ساڵی 1961 راگیراوە. ( البيطي ، 2010 : 315)

هەروەها سەبارەت بە رۆژنامەی کوردی لە قۆناغی کۆماری دووەم، واتە لە گەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس ، رۆژنامەگەری عێراق گۆرانگاریەکی بنچینەیی بە خۆوە بینی و ســەرلە نویٚ رۆژنامەکان بە شـێوەی تر و بەپی یاسـای ئەنجومەنی ســەرکردایەتی شـۆرش ، دامەزرانەوە ، یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ســەردمی بەعس کە دامەزرا رۆژنامەی هاوکاری بوو کە لە 9ی کانونی دووەمی ساڵی 1970 دەرچوو، هەروەها لە ناوەرا ستی ساڵی هە شتکان رۆژنامەیەکی تری کوردی بەناوی ئاسۆ دەرکرا کەزیاتر بایەخی بە کاروباری کلتوری و ئەدەبی و هونەری دەدا.

## گرنگترین دەرەنجام

**یەکەم** : بۆیەکەم جار ڕۆژنامەگەری ویلایەتی بەغدا لە سەردەمی عوسمانیەکان بەشێوەیەکی سادەو ساکار سەری هەڵدا داوە، بەبێ ئەوەی تەواوی خەسڵەت و رەگەزەکانی رۆژنامەی تێدا بوبێت .

**دووەم** : بۆیەکەم جار ڕۆژنامەی کوردی ، لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەری عێراق ، لە سەردەمی هاتنی داگیرکەری بەریتانیا ، سەری هەڵداوە ، بەڵام گەشەکردنی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی، چونکە لەو سەردەمەدا رۆژنامەی کوردی لە بەغداو سلێمانی و هەولێر، بەزمانی کوردی دەرکراون و لە ڕوی خاوەنداریش رۆژنامەی ئە هلی و رەسمی بەخۆوە بینی وە .

**سێیەم** : لەروی ئازادی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامەگەری عێراق لەسەردەمی شۆرشی تەمەوزی 1958 پاشەکشەدەکات و لە سەردەمی بەعس رۆژنامەگەری بەتەواوی لە لایەن دەسەڵاتەوە کۆنترڵ دەکرێت، بەڵام بۆ شاردنەوەی ئەو حاڵەتەو پارسەنگدانەوەی، گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە رۆژنامەی تایبەتمەند، بە تایبەتی لە بواری ئافرەتان و وەرزش و هونەر و ڕۆژنامەی تایبەتمەندی بواری زانستی، کە عێراق لە چاو وڵاتانی عەرەبی لە پێشەوە دا بووە .

**چوارەم :** لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ، ڕۆژنامەگەری عێراق سودی لەو ژینگە سیاسیە ئازادە وەرنەگرت کە رەخسا، بەڵکو رۆژنامەش وەک زۆربەی بوارەکانی تر بوو بەئامراز بە دەست حزب و لایەنی مەزهەبی و تایفی و گروپی جۆراوجۆر کە ڕۆلی گێراوە لە گواستنەوەی توندوتیژیەکان .

**پێنجەم** : لەهەموو قۆناغەکانی مێژوی رۆژنامەگەری عێراق ، جۆرێک لە نارۆشنی لە روی سیستمی راگەیاندنەوە دیارە .

**شەشەم** : رۆژنامەگەری تایبەتمەندی عیراق، زیاتر لە سەردەمی رژێمی بەعسدا پەرەی پێدراوە، کە تیایدا رۆژنامەی تایبەتمەندی بواری وەرزشی و زانستی و پیشەییەکان بەدەرکەوتن ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ، تاوەکو لایەنی ئازادی رۆژنامەی گشتی بشارێتەوە ، کە پاشەکشەی کرد بوو .

**حەوتەم :** لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی رۆژنامەگەری عێراقدا ، رۆژنامە تا رادەیەکی هەستپێکراو بۆتەبەشێک لە کێشەو ململانی سیاسییەکان .

**هەشتەم** : رۆژنامەی حزبی لە سەردەمی پاشایەتی دا و رۆژنامەی دەسەڵات لەسەردەمی کۆماریە سەربازگەراییەکان و رۆژنامەی مەزهەبی و تایفی لە دوای روخانی رژێمی بەعس ، سیمای دیاری رۆژنامەگەری عێراق بوون و دەشێت بوترێت هەریەک لەم قۆناغانە بەو سیمایانە جیادەکرێنەوە.

**نۆییەم :** بەهۆی گرنگیدان بە رۆلی سیاسی ،رۆژانەمەگەری عیراق زیاتر بایەخی داوە بە هونەری وتار و لەبەرامبەردا هونەرەکانی تری وەک هەواڵ و راپۆرت و ریپۆرتاژ ، تا رادەیەک پەراوێزخراون .

## سەرچاوەکان


**سەرچاوە بەزمانی کوردی**

1- بەهرۆز عەلی ، 2016 ، رۆژنامەگەری و چاکسازی سیاسی، چابخانەی کارۆ، سلێمانی .

2- نەو شیروان مستەفا ئەمین، 2013 ، بەدەم رێگاوە گوڵچنین ، قوتابخانەکانی مێژوی رۆژنامەوانی ی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ، کتێبی دووەم – بەرگی دووەم ، دار العربیە للعلوم الناشرون ، بیروت.

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

**أ – کتێب**

1 - خالد حبيب الرواوى،2010 تاريخ الصــحافه و الاعلام فى العراق منذ العهد العثمانى حتى حرب الخليج الثانية، دار الصفحات للدراسات و النشر، سوريا.

2- ، سمير محمد حسن ،2007 ، بحوث الاعلام، عالم الكتب، القاهرة .

3- فائق البطي ،1986 ، صحافه العراق تاريخها وكفاح اجيالها، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد.

4- فائق البطي ، 2010 ، الموسوعة الصحفية العراقية،دار المدى لثقافة و النشر، بيروت .

5- ، منير بكر التكريتي ، الصحافة العراقية و اتجاهاتها السيا سية و الاجتماعية و الثقافية، مطبعة الار شاد، بغداد .

**ب- تۆژینەوە**

1- صادق طعمة ، المشهد الاعلامي العراقي و تحديات التحول الديمقراطي، مركز واع لدراسات والبحوث .

2- ، صـباح جاسـم عودة الشـمري،2008، الاثار الاجتماعية للإرهاب فى الصـحافة العراقية، رسـالة ماجسـتير ، جامعة بغداد ، كلية الاعلام .

3- قا سم حنون قا سم المو سوي، 2007 ، الملاحق الريا ضية اليومية فى الـصحافة العراقية، ر سالة الماجـستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام .

4- عاليا و قاسـم ، دور الصـحافة العراقية فى تشـكيل الاتجاهات السـياسـية، رسـالة الماجسـتير، جامعة بغداد، كليةالاعلام، 2008 .

5- روا و هادى صالح الدهان ، 2006 ، التغطية الصحفية لأخبار السيا سية فى الصحافة اليومية العراقية ،رسالة الماجستير ، جامعة بغداد ،كلية الاعلام .

6- محمود الوندي، تأريخ الصحافة العراقية ، موقع عنكاوه، www.ankawa.com